# بیرکردنەوە لە دەوڵەت 2: هابرماز و تیورەی بواری گشتی


Jürgen Habermas, 1993.

سەردار عەزیز

یورگن هابرماز، یەکێکە لە هەرە ناسراوترین کۆمەڵناس و فەیلەسوفەکانی ئەمرۆی وولاتی ئەڵمانیا. لە هەمانکاتدا یەکێکە لە دوا بیریارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت. ئەم قوتابخانەیە کە چەندین ناوی گەورە لە خۆی ئەگرێت وەک ئەدۆرنۆ، هۆرکهایمەر، مارکێزە و چەندانی تر، زیاتر بە تیۆرەی رەخنەگرانە (کریتیکاڵ تیوری) ناسراوە. فەیلەسوفانی ئەم قوتابخانەیە رەنگە هەریەکە و لە بوارێکی تایبەتی خۆیدا کاریکردبێت بەڵام ئەوەی بەشێوەیەکی لاوازو گشتی پێکەوەیان ئەبەستێ ئەوەیە کە هەر هەمویان هەوڵی گواستنەوەی مارکسیزمیان داوە بۆ بواری کەلتور، کەڵچراڵ مارکسیزم.

من لەم نووسینەمدا ئارەزووی ئەوەم نیە کە زیاتر قسە لەسەر قوتابخانەی فرانکفۆرت بکەم چونکە ئەوە بە بابەت و دوو بابەت تەواو نابێت. ئەوەی زیاتر من حەزئەکەم قسەی لەسەر بکەم هابرمازە بە تایبەت تیورە بە ناوبانگەکەی کە بە تیورەی بواری گشتی ناسراوە لەلایەک و وەک هەمیشە کاریگەری لە سەر پانتایی بیرکردنەوەی ئێمە لە سەر دەوڵەت. قسەکردن لە سەر هابرماز ئاسان نیە، چونکە ئەو بە زمانێکی چروپر دەنووسێت و شارەزایی منیش بۆئەو دەگەرێتەوە بۆ ئەو دەقانەی کە وەرگێراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی و چەند کۆرسێکی تایبەت لە زانکۆ دەربارەی ئەو.

پێش ئەوەی بچینە سەر تیورەی بواری گشتی دەبێ هەندێ پێشینەی پێویست روونکەینەوە کە یارمەتیمان ئەدات بۆ تێگەیشتنێکی تۆکمانە تر دەربارەی هابرماز و تیورەکەی. بە تایبەت هابرماز وەک ناوێک بە بواری رۆشنبیری کوردی ناسراوە بەڵام وەک تێگەیشتنێک هێندە نەناسراوە یان بەڵانی کەم هیچ نەناسراوە. ئەوانەش تائێستا هەوڵیان دابێ بۆ قسەکردن یان خواستنی دێرێک یان دوو دێر لە بابەتەکانی ئەو نەیانتوانیوە پوختەو ناوەرۆکی تیورەکەی ئەو بە خوێنەر بناسێنن. ئەم دەردە وەک پەتایەک زۆربەی فەیلەسوفان و بیریارانی تری گرتوەتەوە. پەیوەندی ئێمە لە گەڵ بیردا وەک پەیوەندی وایە لە گەڵ شتومەک و بەرهەمە تەکنەلۆژیەکاندا، بەکاریدێنن، زۆرجار سەقەتانە، کۆپی ئەکەین، خۆمان ئەکەینە خاوەنی، کەچی لە هەمانکاتدا هیچی دەربارە نازانین. پەیوەندی رۆشنبیران و فیکری رۆژئاوا و کاریگەری لە سەر رەوتی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کۆمەڵگای ئێمە، بوارێکە قسەی زۆر هەڵئەگرێت. بۆ قسەکردن لە سەر ئەم بوارە و نەهامەتیەکانی لە داهاتودا دەگەرێمە بۆ قسەکردن لەسەر بیری رۆژئاواو ئینتلجینسیای رۆژهەڵات بە بەراوردکردنی کۆمەڵی بیریاری ئەفریقی و کورد. چونکە گەڵانی ئەفریقا بەدەست هەمان کێشە هاوشێوەکانی کوردوستانەوە دەناڵێنن.

یەکیک لە پێشینە گرنگەکان ئەوەیە کە هابرماز، هێشتا خۆی سەر بە مۆدێرنە لە قەڵەم ئەدات. بە بروای ئەو مۆدێرنە پرۆژیەکی تەواو نەبووە، بەو مانایە هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە و دتوانێ خۆی نوێبکاتەوە، بە تایبەت بە هۆی سەروەریتی عەقڵ. هەر ئەم تێروانینە بوو کە دەمەقاڵەیەکی زۆری نایەوە لەنێوان

ئەو[هابرماز] و فەیلەسوفی دژە مۆدێرنە میشێل فۆکۆدا. بەڵام مانای چیە هێشتا داکۆکیکەری مۆدێرنە بیت. مۆدێرنە چەند سیفەتێکی تایبەتی هەیە، لە نێو ئەم سیفەتانەدا، برواکردن بەتوانای بێپایانی عەقڵ، بەجۆرێک وەک ئیمانوئێل کانت دەڵی هیچ دەسەڵاتێک لەسەرەوەی دەسەڵاتی عەقڵەوە نیە. ئەگەر ئەمە یەکێک بێت لە سیفەتە هەرە سەرەکیەکانی مۆدێرنە و رێنێسانس ئەوا سیفەتێکی تر ئەوەیە کە مرۆڤایەتی هەردەم لە گەشەدایە بەرەو باشی ئەمەش لە رێگای زانست و عەقڵەوە فەراهەم دەبێت.

هەرچەندە زانست و لایەنە تاریکەکانی ئەمانباتەوە قسەکردن لە سەر ماکس ڤیبەر، بەڵام هابرماز لەوە  بە ئاگایە کە زانین و زانست تەنها بەوەوە ناوەستن لە دیاریدەکان بکۆڵنەوە و لێیان تێبگەن بەڵکو وەک ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر جەختی لەسەر ئەکەنەوە زانست ئارەزووی کۆنترۆلکردنی سروشت و مرۆڤیشی هەیە. هەربۆیە هابرماز داوا لە تاکەکان ئەکات کە هەمیشە بە ئاگابن و خۆیان لە بواری عەقڵ و تێگەیشتنەوە پڕ چەک کەن بۆئەوەی ئامادەبن کە لەسەر هەموو لایەنێک بتوانن ئارگویمێنت بکەن. چونکە لای هابرماز ئارگویمێنت یان ململانێ لەبواری عەقڵیدا لەرێی زمانەوە تەنها رێگایە بۆ چالاک بوون و بەشداریکردن لە بواری گشتی دا.

بۆیە بە ئاسانی دەتوانین بڵێین هابرماز سەر بە پۆلی فەیلەسوفانی، نیوکانت، یان کانتیە نوێکانە.  هەربۆیە کاتێک کانت دەڵی موناقەشە بکە و ئارگومێنتت هەبێ بەڵام هەمیشە گوێرایەڵ بە. ئەمە بەو مانایە دێت هەرگیز توندوتیژی بەکارمەهێنە، شۆرشکردن و شۆرشگێران کارێکی خراپە، حکومەت یان دەسەڵات هەمیشە مافی هەیە کە دژ بە هەموو کارێکی توند و تیژی بوەستێتەوە چونکە کارێکی ناعەقڵانیە. لێرەوە تاکی هابرمازیانە بۆئەوەی بتوانێ کەسێکی چالاک بێت یان هاوڵاتی بێت دەبێ عەقلانی بێت، رۆشنبیربێت، بە ئاگابێت، بەشداربێت لە بوارە کۆمەڵایەتیەکانا.

لێرەوە دەتوانین بڵێین لای هابرماز دیموکراسی تەنها سیستەمە و بەهیچ جۆرێک ئەلتەرناتیڤی نیە.  لە نێو دیموکراسیدا تاکەکان لە کاتی هەبوونی بواری گشتی و ئازاددا دەتوانن بابەتە رامیاری و کۆمەڵایەتیەکان بگوێزنەوە بۆ ئاستی خیتاب، دیسکۆرس. کاتێک هەر کێشەیەک گەشتە ئاستی خیتاب ئەوا تاکەکان لەلایەک و دەسەڵات لەلایەک دەکەونە گفتوگۆ و لە ئەنجامدا  هەردوولا دەگەنە ئاستێکی  رێک یان بەلانس. ئەمە روودەدات چونکە بە بروای هابرماز دەوڵەت یان دەسەڵات کێشەی یاسایی بوونی هەیە. کێشەی یاسایی بوون مەبەستی ئەوەیە دەوڵەت هەمیشە پێویستی بە هاووڵاتیانیەتی بۆئەوەی ببێتە دەزگایەکی خاوەن شەرعیەت و یاسایی. چونکە لە دیموکراسیدا بە پێچەوانەی سیستەمەکانی تر تەنها خەڵک سەروەرە. بۆیە دەوڵەت هەمیشە ناچارە یان پێویستە شەرعیەتی بوونی لە هاووڵاتیانیەوە وەرگرێت ئەگینا هەرزوو دەبێتە دەوڵەتێکی ناشەرعی. بەلای هابرمازەوە ئەم شەرعی بوونە بۆ دەوڵەت هێجگار گرنگە بۆیە دەوڵەت هەمیشە ناچارە بگەرێتەوە بۆ هاووڵاتیانی و لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتوگۆ.

هەرئەمە وەهای لە هابرمازکردەوە کە دوو کاتۆگۆری دیاریکات یەکەم کاتاگۆریا ژیانی دونیاییە، کە مەبەست لێی ئەو چالاکیە رۆژانەیە کە تاکێک ئەنجامی ئەدات و هەوڵئەدات مانای پێببەخشی.  ئەم چەمکە هێندە نوێ نیە چونکە لە چەمکەکانی تری هایدگەر و هۆسرێل ئەچێت بە تایبەت چەمکی بوون لە دونیادا لای هایدگەر لە کتێبی بوون و کات. کاتاگۆری دووەم هابرماز پێی دەڵێت سیستەم، کە مەبەستی لێی دەسەلات و پارە و دەوڵەتە. بە لای هابرمازەوە سیستەم ژیانی دونیای ، لایف ۆرلد بە ئینگلیزی و لیبنسڤێلت بە ئەڵمانی، کۆلۆنیکردوە.

ئەم داگیرکردن یان کۆلۆنیکردنە لە چەند روویەکەوە رووئەدات، وەک بە بیرۆکراسی بوونی دەوڵەت و ئالۆزبوونی، میدیا، بازار، بە تایبەت لە سەردەمێکا کە مرۆڤەکان لە مافەکانی هاووڵاتی بوونی خۆیان دەستبەردارئەبن و دەبنی کریار یان کۆنسیومەر. کرینیش پرۆسەیەکی ناکۆتایە لە سیستەمی کەپیتالیزما چونکە هەمیشە ئێمە لە کاری کرینی ناپێویستداین ئەگەر لە هێربرت مارکۆزەوە چەمکێک قەرزکەین. مەبەست لە کرینی ناپێویست ئەوەیە ئێمە هەمیشە لە رێگایی رێکلامە فریوئەدرێین کە گوایە هەمیشە پێویستمان بە زۆرشت هەیە، کە لە کاتێکا ژیانمان باشتر ئەبێت ئەگەر ئەو شتانەمان نەبێت. مەبەستی کەپیتالیزم لەمە ئەوەیە کە بازار دەبێت هەمیشە بەردوام بێت ئەگینا شکست دێنێت. ئەمە وەهایکردە کە بواری بازار و شتومەک لە هەمووشتێ زیاتر کاتی تاک بگرێت و بواری ئەرکەکانی تر کەمکاتەوە. هەندێک بروایان وایە ئەمە پلانێکی دارێژراوە دژ بە ئازادی هاووڵاتیان، چۆمسکی زیاتر لایەنگری ئەم بیرورایەن.

ئێستا ئەگەربێینە سەر چەمکی بواری گشتی. بواری گشتی بە پێچەوانەی بواری تایبەتیە. ئەم بوارە بریتیە لە ئەو جێگایانەێ کە تاکەکان لەدەرەوەی شوێنە تایبەتەکانی خۆیانەوە لە گەڵ ئەوانی تردا کۆئەبنەوە، بەریەکئەکەون، یەکترئەناسن، شت و کێشەی ئەوانی تریان بەرگوێئەکەوێت، کێشە هاوبەشەکانیان بەشئەکەن، پێکەوە بیر لە گۆران و چارەسەرئەکەنەوە، بروا بەیەکتری پەیدائەکەن، ئەمانە وەها ئەکات کە لە نێوانیاندا ناوەند پێکبێت. ئەم ناوەندە وەک بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەیان ئەبەستێت وایان لێئەکات لە پێناوی ئامانجێکی هاوبەشا پێکەوە کاربکەن. بۆنموونە کارکردنی کرێکاران پێکەوە لە کارگەیە یان کۆمپانیایەک وەهایان لێئەکات کە لە یەکنزیک ببنەوە و لە خەم و دەردەسەریەکانی یەکتر بە ئاگابن. ئەمە وەهاییکرد کاتێک لە شۆرشی پیشەسازی لە بەریتانیا کرێکارەکان لە بوارێکا پێکەوە کاریاندەکرد پاشان پارتی کرێکارانیان هێنایە گۆرێ. ئەم تێروانینە بە پێچەوانەی مارکسە. لای مارکس ئازارەکانە وەها لە کرێکاران ئەکات کە یەکبگرن و راپەرن. هەستکردن بە ئازار و شۆرش زیاتر کاری کردار و پەرچەکردارن کە دوورن لە بواری بیرکردنەوە و پلان و رێکخستن و ئارگویمێنتی عەقلی.

ئەمرۆ بواری گشتی تەنها ئەو شوێنی کار و چاخانە و قاوخانە و ئەو جێگایانە نیە بەڵکو بوارێکی هەرەگرنگ کە هاتوەتە کایەوە شوێنی ناشوێنە. مەبەست لەمە ئەو پانتاییانەیە کە لە بواری نوسین و رۆژنامە و لە هەمووی گرنگتر ئینتەرنێتە. لەم بوارانەدا کێشەکان بەرچاودەخرێن، رایەڵ دەکرێن، بیروراجیاوازەکان دەگوێزرێنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بە ئاگابوون، عەقلانی بوون، گەشەکردنی ئارگویمێنت، پاشان گەشەی دیموکراسی. لەم دوایانەدا ئەم بوارە راستەوخۆ کەوتە ژێر مەترسیەوە بە تایبەت بە ناوزەدکردنی بە پانتایی زمانی زبر. لە شوێنێکی تردا زمانی زبرمان لە روانگەی لیبراڵەوە خوێندوەتەوە بەم زوانە بڵاوی ئەکەینەوە.

چی ئەتوانین لە هابرمازەوە فێربین بۆ کۆمەڵگاو دەوڵەتی کوردی. دیارە هابرماز کۆمەڵگای رۆژئاوا بابەتی لێکۆڵینەوەکانیەتی، کۆمەڵگایەک کە ئازادی بواری گشتی تەنیوە وە ئازادیەکانی بیرکردنەوە و رادەربرین و خۆپێشاندان و رێکخستنی کۆمەڵگا و حیزب و ئەوانی تر لە هەموو جێگایەکی تر زیاتر لە دونیادا بەرقەران. بەلام سەرباری ئەمانە هابرماز و بیری هابرماز بەسوددەبێت بۆ بیرکردنەوەی ئێمە لە کۆمەڵگاو هەروەها لە دەوڵەت.

سەروەریتی خەڵک. ئەم خاڵە تا رادەیەکی زۆر بە بایەخە، چونکە تا ئیستا زۆر نوێیە لە بیری رامیاری ئێمەدا. لە کۆمەڵگای ئاینیدا دەوڵەت سەروەری لە خواوە وەردەگرێت. لە دەوڵەتی فیوداڵدا سەروەری بۆ پاشا و میرەکانە. بەڵام تەنها لە دیموکراسیدا سەروەری بۆ هاووڵاتیانە. بوونی هاووڵاتی بە سەرچاوەی شەرعیەتی دەوڵەت، یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان. دەوڵەت لە رۆژهەلات لە دۆخێکی نارسیسیانەی زۆر قووڵدا ئەژی. بە داخەوە تا ئاستێکی زۆریش ئەم دەوڵەتۆکە بچکۆلەی خۆشمان. نارسیسیم بە مانای ئەوە هەمیشە بە شان و باڵ و شکۆمەندی خۆیا هەڵئەدات، هەرگیز ناتوانی کەسێ تری جگە لەخۆی خۆش بووێت. ئەم نارسیسزمەیە بوارەکانی گشتی و بیرکردنەوە و رادەربرین و پەیوەندیکردنی تەسککردوەتەوە. دەوڵەتی نارسیست، کە رەنگدانەوەی کەسە ناریسیستەکانیەتی، زوو تورەدەبێ، هەرزوو دڵی دەشکێ، هەر خێرا هەست بە کەمی ئەکات، ناتوانێ دان بە بوونی ئەوانی ترابنێت، ناتوانێ گوێگربێت، هەرکاتێ گوێی لە زمانی زبربوو ئیتر جامی غەزەبی پردەبێ. ئەم دەوڵەتە ناتوانێ دیموکراتی بیت. ناتوانێ کێشەکان بگواستێتەوە بۆ بواری خیتاب و لە گەڵ هاووڵاتیانیا بکەوێتە گفتوگۆ. دەوڵەت بە شێوەی جوراوجۆر لەگەڵ هاووڵاتیانیا دەکەوێتە گفتوگۆ، هەر دیاریترینیان شێوازی ریفراندۆمە. لێرە لەووڵاتی ئایرلەندا لە دەستوری ئایرلەندیدا جێگیرە ئەگەر هەر کێشەیەک لەگەڵ دەستوردا نەگونجا، یان پێویستی بە گۆرانی دەستور کرد ، ئەوا تەنها لە رێگای ریفراندۆمەوە دەستور چاکدەکرێت یان دەگۆردرێت.

دیموکراسی سیستەمێکی تا بڵێی ئاڵۆز و ناسکە، لە خەسڵەتە دیارییەکانی ئەوەیە کە زۆر بە گرانی دێتە دی و زۆر بە ئاسانی لە دەست دەچێت. بۆیە دەبێ هەمیشە ئاگاییەک هەبێت لە لایەن دەوڵەت و هاووڵاتیانەوە کە ئایا هێشتا دەوڵەتەکەیان شەرعیە، ئایا هێشتا زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگا لێی رازین. ئەگەر نا ئەوا دەبێت هەر زوو بە دوای شەرعیەتی خۆیدا بگەرێت و لە گەڵ هاووڵاتیانیا بکەوێتە گفتوگۆ.

لایەنێکی تر لە بیر هابرماز ئەوەیە کە بواربدرێت بواری گشتی بێتە کایەوە. بواری گشتی لە کۆمەڵگای کوردیا زۆرلاوازە. هۆکاری ئەو لاوازیە زۆرن بەڵام بەگشتی دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی دیموکراسی، گەشەنەکردنی زانست، باڵادەستی ئاین، نەبوونی سێکیولایزم. هەردوو زلحیزبە کوردیەکە هەرچەندە دەیانەوێ لە ئەمریکاوە نزیکبن بەڵام رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر و زیاتر بە شێوازی چینی حوکم ئەکەن. شێوازێک کە حیزب بواری تایبەت و بواری گشتی تابینەقاقە ئاخنیوە. نە لە سەر کار نە لە پارک نە لە زانکۆ بوار نیە بۆ دروستبوونی ئارگویمێنتێکی بونیادنەر کە عەقڵ تیاباڵا دەست بێت. ئێستاش زۆربەی قسەکردن لە کوردوستان لە بواری گشتیا یان دەربارەی کێ باشە و کێ خراپە یان دەربارەی شت و مەکە بێبەهاکانە. لە کاتی گەرانەوەم بۆ کوردوستان مایەی سەرسورمان بوو کاتێک خەڵکی ئەو هەموو کات و ووزە و بیرکردنەوەی تەرخاندەکرد بۆ مۆبایلەکەی.

کێشەیەکی تر کە هابرماز دەتوانێ یارمەتیمان بدات ئەوەیە، بۆچی کۆمەڵگای ئێمە لە هەموو بوارێکا خەریکی مانگرتنە کەچی لە هەمانکاتدا بروایەکی ئاینیانەی بە حیزبەکان هەیە. ئەگەر حیزبە کوردیەکان لە قەیراندان ئەوا ئەرکی خەڵکە لە قەیران رزگاریانکات، بەڵام لە کوردوستان لەبەر سەربەخۆنەبوونی خەڵک و تاک، خەڵک زیاتر مەرن تا مرۆڤ. هەربۆیە کە حیزب توشی قەیران دەبێت هەر زوو لەگەڵیشیا کۆمەڵگا توشی قەیران دەبێت. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئێمە لە قۆناغی پێش مۆدێرنەدا ئەژین. لە بەرامبەر رووداوەکاندا هەڵئەچین و سوزمان زاڵدەبێت. دیاریدەی مەرگی دۆعا و ئەو هیستریایەی بەدوای خۆیدا هێنا وەک ئەوەی هەتا ئێستا کاری وەها لەو کۆمەڵگایەدا روونەدابێت. چی لە مەرگی درندانە زیاتر

ئاشنایە بە کۆمەڵگای ئێمە. ئەمە ئەگەر ببێتە وەدیهێنانی خیتابێکی کۆمەڵایەتی رامیاری هێمن کە کۆمەڵگا بەرەو تێگەیشتنی زیاتر ببات ئەوە پۆزەتیفە بەڵام ئەگەر تسونامی هەستەکان بە شیعر و ئینشاکانیانەوە هەموو کون کەلەبەرێک پڕکەن و هەر زوو دابمرکێنەوە بێئەوەی هیچ لە پاش خۆیان بەجێبهێڵن، ئەوا ئەوەی رووئەدات جگە لە جۆرێکی پۆستمۆدێرنەی باوکە رۆ و رۆڵە رۆ هیچیت ترنیە.

رەهەندێکی تری فیکری هابرماز ئەوەیە کە جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە لە نێوان ژیانی دونیایی و سیستەمدا پانتاییەک هەیە کە دەکرێت ببێتە جێگای لە دایکبوونی رێکخراوە کۆمەلایەتیەکان. رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان کە یەکیکن لە کۆڵەکە بنەرەتیەکانی دیموکراسی بە کۆمەڵگای ئێمە نامۆن. کۆمەڵگای ئێمە بە هەموو ئەو یانە جۆراوجۆرانە نامۆیە کە کۆمەڵاگی رۆژئاوای تەنیوە. یانەی کتێب خوێندنەوە بۆ نموونە. کۆمەڵێک خەڵک پێکەوە مانگی جارێک لە ماڵێکا کۆئەبنەوە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی کتێبێکی تایبەت کە هەر هەموویان خوێندویانەتەوە. یانە وەرزشیە جۆراوجۆارەکان ، یانە خێرخوازیەکان، یانەی پاک راگرتنی گەرەک و چەندەها یانەی جۆراوجۆری تر. رۆبرت پۆتنام کۆمەڵناسی ئەمریکی ناسراو کە لە زانکۆی هارڤەرد وانە ئەڵێتەوە لە کتێبە بە ناوبانگەکەیا (بۆڵنگ بە تەنها) کە لە کاتێکا بۆڵنگ دەبێ لەگەڵ ئەوانی تردابێت، باسی ئەم دیاریدانە ئەکات. ئەم رێکخراوانە مەرج نیە تەنها لە بواری کۆمەڵایەتیابن بەڵکو دەکرێ ببنە سیاسیش، بەتایبەت کاتێک کۆمەڵێ خەلکی خاوەن کێشەیە تایبەت یان سەر بەشوێنێکی تایبەت دەردو مەینەتیە تایبەتیەکانیان لەلایەن دەسەڵاتەوە گوێی لێناگیرێ ئەوا دەتوانن رێکخراوی تایبەت بە خۆیان پێکبێنن بۆ بەدیهێنان و داکۆکیکردن لە کێشەکانیان. دیارە رەنگە لە کوردوستان ژمارەیەکی بێشومار رێکخراو هەبێت کە هیچ شتێک ئەنجام نادەن و زۆربەیان لەلایەن کۆمەڵە بیانیەکانەوە پێکهێنراون، بەلام ئەوانەی کاری تیائەکەن جگە لە فیزلێدان بە سەر خەڵک و خۆبەزلزانین و خۆبە ئەوروپی زانین و شتی پوچی تری لەم جۆرە هیچی تریان لە دەستنایەت. لە باشترین باردا نەبوونیان سودی زیاترە چونکە سەرچاوەیان لە تێگەیشتن و پێویستی خەڵکەوە نیە بەڵکو بونیادێکی کۆڵۆنین، زۆرینەی ئەندامەکانی مەبەستیان پارەپەیداکردنە. لە کۆتایدا ئەگەر دیموکراسیمان دەوێ دەبێ بەردەوام بێوچان کاری بۆبکەین، ئەگینا هەرگیز پێی شادنابین. ئەم کارکردنە دەکرێت ببێتە بەشێک لە کاری و ژیانی رۆژانەمان. کاتێک فەرەنساویەکان رێگەیان بە ئازادی رادەربریندا لە وولاتی سنیگاڵ لە سەدەی هەژدەدا ئەوا بووبە هۆی دیموکراسی بوونی ئەو وولاتە بۆیە ئەمرۆ سینیگال لە هەموو وولاتێکی ئەفریقی زیاتر سەقامگیرترە.